# با ( حەسانە ) لەسەر هیچ کەسێك نەمێنیٚ.....



لەبەر رۆشنایی ئەو كۆبوونەوەی كەبەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتی كرد لەمەڕ دیاردەی رەشەكوژی ژنان و دوای ئەوەی لەم كۆبوونەوەیەدا بریاری پێكهێنانی لیژنەیەك درا بۆ بەدواداچوون و لێپێچینەوەی ئەم كێشەیە بەسەرۆكایەتی د. شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ و ئەندامی وەزارەتە پەیوەندارەكان بۆ ئەم مەبەستە رۆژی 2007/6/25 لەهۆڵی كۆبوونەوەكانی وەزارەتی مافی مرۆڤ یەكەم كۆبوونەوەی خۆی سازدا كە تیایدا هەردوو وەزیری ژنان و ئافرەتان و مەدەنیەت و نوێنەرانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەكانی داد و ناوخۆ ئامادەی بوون بەتێرو تەسەلی باسی ئەو دیاردە ترسناكە كرا ئەمڕۆ لەكوردستاندا تەشەنەی كردووە و ئاماژەش بەوەدرا كەپێویستە میكانزمێك بۆ كارەكان داینرێ و لەسەروی هەمووشیانەوە بەگەڕخستنی بواری راگەیاندن بۆ هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگاو تێگەیاندنیان كە ئەمە دیاردەیەكە دوورە لەهەموو عورفێكی ویژدانی و یاساگەری،هەروەها باس لەوەشكرا كە گۆڕانكاری لەیاسای ئەحوالی شەخسی بكرێ تا لەم روانگەیەوە بەشێوەیەكی جیدیتر تەماشای مافەكانی ژنان بكرێ ...

رایەكی دیكەش هاتە ئاراوە كە پێشنیار بكرێ لەگەڵ وەزارەتەكانی پێشمەرگە و داد و ناوخۆ گفتوگۆ بكرێ بۆ ئەوەی لەكاتی ئەنجامدانی تاوانێكی لەم جۆرە (حەسانە) لەسەر هیچ كەسێك نەمێنێ و هەماهەنگیەكی بەهێزتر هەبێت لەنێوانی خەستەخانەكان و دادگا و ناوخۆ بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی ئەو تاوانانەی كە دژ بە ژنان دەكرێ و بەدواداچوونیش بۆ هۆكارەكانی بكرێ..

هەرلەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کە هەموو مانگێك ئامارێك لەمەڕ ئەو توندوتیژیانەی کەدژی ژنان ئەنجامدەدرێ ئامادەبکرێ بۆئەوەی بەدواداچوونی لەسەر بکرێ...

لەتەوەرێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کە ئەم لێژنەیە بەدواداچوون لەسەر کارەکانی هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و پەروەردە لەسەر ئەم مەسەلە بکات...

بەبیریشتان دەهێنینەوە کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە هەر (3) مانگ جارێك کۆبوونەوەکانی خۆی بکات بۆ گوێگرتن لە کارەکانی ئەم لێژنەیە و دەرەنجامەکانی و بەدواداچوونەکانیان.